هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی زانستی گشتی
قۆناغی سێیەم


# تەکنەلۆژیایی فێرکردن


## مامۆستای بابەت: سارا أحمد محمدأمین

سالی خوێندن: 2024 - 2023

# وانەی چوارەم


# پرۆسەی پەیوەندیکردنی فێرکردن

# عملية الاتصال التعليمي



# پرۆسەی پەیوەندیکردنی فێرکرن

- **پرۆسەی پەیوەندیکردن:** واتە گواستنەوەی بیرۆکە و زانیاری و لێهاتوویی و بۆچوون (ئاڕاستە) و ئەزموون لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر یان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر.



# گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردنی فێرکردن

گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردن پەروەردەیی لە ڕوانگەی هەریەکە لە **(نێرەر - وەرگر):**

**یەکەم/ لە ڕوانگەی ( نێرەر - المرسل) گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردنی پەروەردەیی بریتییە لە:**

**1- ڕاگەیاندن:** مەبەست لە گواستنەوەی زانیاری و بیرۆکەو پەیامە بۆ وەرگر یان کۆمەڵە کەسێك و ڕاگەیاندنیان بەوەی چی ڕوودەدات لە دەووروبەر.



# گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردنی فێرکردن

**2- فێرکردن :** مەبەست لەمە ڕاهێنان و گەشە پێدانی تاکەکانی کۆمەڵگەیە (قوتابیان لە قوتابخانە ) لە ڕێگەی پێدانی زانیاری و لێهاتوویی پێویست بۆ ئەوەی ئامادە باش بن بۆ پیشەیەکی دیاریکراو، بۆ نموونە (مامۆستا).



# گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردنی فێرکردن

**3- بۆ خۆشی (للترفيه):** ڕەنگە هەندێك جار قسەكردن یان ناردنی پەیام مەبەست لێی گەیاندنی پەیامێکی خۆشی و ترفیهی بێت (خوێندنی میوزیك و وێنە و وەرزش و ئاهەنگ ......هتد لە قوتابخانە).



# گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردنی فێرکردن

4- بڕوایپێکردن (الإقناع): واتە هەوڵدان بۆ گۆڕانکاریکردن لە بیرو بۆچوونی کەسانی تر بە بڕوا پێهێنانیان لە ڕێگەی پەیامەکەوە (بەوەی خوێندنی بیردۆزو یاساو زانیاری و بابەتێك سوودی بۆیان دەبێت لە قوتابخانە).



# گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردنی فێرکردن

دووەم/ گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردنی پەروەردەیی لە ڕوانگەی (وەرگر - المستقبل):

1- تێگەیشتن لەوەی چی لە دەوروبەری ڕوودەدات لەدیاردەو ڕووداوەکان، (پێشکەوتنی زانستی و زانیاری و زانستی نوێ لە قوتابخانە لە لایەن فێرخوازەوە).

2- فێربوونی لێهاتووی و ئەزموونی نوێ.

3- بۆ پشو و چێژو خۆشی.

4- بۆ بە دەستهێنانی زانیاری نوێ بۆ بڕیاردان و هەڵسوکەوتکردنی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی شیاو (ئامادەیی پیشەیی و کەسێتی).

# ئامانجەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردنی فێرکردن

1- درووستبوونی ئاوێتەبوون (تفاعل) لە نێوان (نێرەر - وەرگر) لە رووی هاوبەشێتی لە بیرۆکەو چەمك و کارکردن.

2- هەریەکە لە (نێرەر - وەرگر) کاریگەر بن، ئەو کاریگەریەش ببێتە هۆی رووودانی گۆڕانکاری پۆزەتیڤ لە رەفتار، بۆ نمونە (فێرخواز لە قوتابخانە).

3- لێرەوە بۆمان روووندەبێتەوە کە پرۆسەی فێرکردن و فێربوون بریتیە لە پرۆسەی پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لە نێوان مامۆستا و فێرخواز لە رێگەی بە کارهێنانی وشە و وێنەو هێما و فیلم و ئامێر و ئامراز......هتد.

# پێکهاتەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردنی فێرکردن
# مكونات عملية الاتصال التعليمي

1- نێرەر - المرسل


2- پەیامەکە - الرسالة

3- کەناڵی پەیوەندیکردن - قناة الاتصال

4- وەرگر - المستقبل

5- فیدباك ( خۆراکی هەڵگەڕاوە) - التغذية الراجعة

6- ژینگەی پەیوەندیکردن (کاریگەرییەکان) - التشويش



# پێکهاتەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردنی فێرکردن

**یەکەم/ نێرەر – المرسل:**

- **سەرچاوەی ئەو پەیامەیە کە ئەو باسی دەکات لە زانیاریەکان یان وشەکان یان وێنەکان کە دەیگەیەنێت بەئەوانی تر.**

**لەوانەیە نێرەر:**

**1- مرۆڤ:** وەک مامۆستا لە پۆلدا ئەو خاڵەیە کە لەوێوە پرۆسەی پەیوەندیکردنی پەروەردەیی دەست پێدەکات.

**2- ئامێر:** وەک لەحاڵەتی ناملیکەی فێرکاری و کۆمپیوتەردا لەگەڵ زانیاری خەزنکراو کە لەلایەن فێرکارەوە لە ڕێگەی پەیوەندی ئۆتۆماتیکیەوە بەدەست گەیشتووە.

# پێکهاتەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردنی فێرکردن

- نێرەر ڕەگەزی یەکەم و بنەڕەتیە لە پرۆسەی پەیوەندیکردن وەك (مامۆستا, بێژەر, قسەکەر، ئەکتەر).

- **نوسەرو دانەری کتێب:** ئیدی پەرتووك بێت یان مقالە یان هەر ماددەیەکی زانستی و ڕۆشنبیری و ئیعلامی.

- **بێژەر لەتەلەفیزیۆن و کەناڵەکانەدا:** جا بێژەر بێت یان کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی یان ڕامیاری یان زانستی.پەیام دەگاتە وەرگر لە کاتی خوێندنەوەی سی دی یان هەندێك جار بە دەنگەوە دەشخوێنرێتەوە

# پێکهاتەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردنی فێرکردن

**<u>* تایبەتمەندییەکانی (نێرەر – المرسل):</u>**

1- پێویستە نێرەر توانای زمانەوانی و ڕەوانبێژی هەبێت.

2- لۆژیکی کاریگەرو توانای هەبێت لە ڕازیکردن و کاریگەری نواندن لەسەر بەرامبەر.

3- هونەری پێشکەشکردنی پەیام ڕۆڵدەبینێت.

4- توانای هەبێت لە دەربڕین و ڕوونکردنەوەی بیرۆکەو زانیاری بۆ وەرگر(فێرخواز).

5- ئەو زانیاریانەی نێرەر دەینێرێت تەواو تێرو تەسەل بن (بابەتی زانستی پێشکەش بە فێرخواز بکرێت.

6- پێگەی کۆمەڵایەتی و کەسێتی نێرەر بۆ وەرگر ڕۆڵی خۆی دەبینێت.

# پرۆسەی پەیوەندیکردنی فێرکردن

**دووەم/ پەیام (الرسالة):**

- ناوەڕۆکێکی ڕۆشنبیری یە کە توخمەکانی زانیاری لەخۆ دەگرێت بە شێوەی جیاواز، جا بەشێوەی چاپ یان بیستراو بێت یان بابەتی بینراو بێت.



# گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردنی فێرکردن

**⋆ تایبەتمەندیەکانی پەیام:**

1- هەڵەی تێدا نەبێت لە ڕووی نوسراو و دەربڕین و گەیاندنەوە.

2- دوورکەووتنەوە لە دووبارەکردنەوەی بێ پاساوی زانیاری.

3- نابێت پەیام درێژو و تاقەت ڕەوێن بێت.

4- ئامڕازی گونجاو بەکار بێنێت بۆ گواستنەوەی زانیاری.



# گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردنی فێرکردن

★ **تایبەمتەندیەکانی (سیفەتەکانی) پەیام:**

5- کاتی گونجاو بۆ ئاراستەکردنی (پێشکەشکردنی) پەیام بەکاربهێنرێت.

6- پێویستە پەیام ئاراستەی کەس یان کەسانی گونجاوی خۆی بکرێت بۆ وەرگرتنی.

★ **هەندێك لە تایبەتمەندیەکانی تری پەیام:** (پاك بێت، تەواو بێت، ڕوون بێت، ڕاست بێت، ئەتەکێتی دەربڕینی تێدا بێت.، کورت بێت).



# پرۆسەی پەیوەندیکردنی فێرکردن

**سێیەم/ وەرگر (المستقبل):**

- **وەرگـــر:** ئەو لایەنە یان ئەو کەسەیە کە پەیامەکەی ئاراستە دەکرێ، پێویستە وەرگر هەستێت بە شیکردنەوەو شرۆڤەکردنی ئەو پەیام و هێماو ئاماژانە بۆ ئەوەی لە مەبەست و مانا و ناوەرۆکی پەیام تێبگات، بۆیە ناکرێت سەرکەوتنی پرۆسەی پەیوەندیکردن تەنها بە ناردنی پەیام هەڵبسەنگێنرێت، بەڵکو هەڵدەسەنگێنرێت لە ڕێگەی ڕادەی تێگەیشتنی دروست لەلایەن وەرگرەوە بۆ پەیامەکە (ڕەفتارەکانی وەرگر). هەروەها پرۆسەی پەیوەندیکردن ئەنجام نادرێ ئەگەر یەکێك لەڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن نەبێت. (نێرەرو وەرگر)



# پرۆسەی پەیوەندیکردنی فێرکردن

**- جۆرەکانی وەرگر:**

1- فێرخواز( یان خوێنەر).

2- گوێگری ڕادیۆ و ئامرازی دەنگی بیستراو.

3- بینەری T.V، سینەما یان هەرکردارێکی بینراوی تر.



# پرۆسەی پەیوەندیکردنی فێرکردن

**- هەندێك لەو مەرجانەی پێویستە هەبێت لە وەرگر:**

- ئاسودەیی جەستەیی و دەروونی.


- وەرگر هەست بەگرنگی ئەو شارەزایی و زانیاری و بیرۆکانە بکات کە لە ناو پەیامەکەدا هەیە.

- پێویستە وەرگر ئاراستەی پۆزەتیف بێت دەربارەی خۆی و نێرەر.

بە شێوەیەکی گشتی سەرکەوتنی پەیام دەوەستێتە سەر ڕۆڵی پۆزەتیڤی وەرگرو وەکاریگەریەکەی لە کاتی گواستنەوەی پەیامەکەدا.



# پرۆسەی پەیوەندیکردنی فێرکردن




**- وەرگر لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا یان لە:**

1- پەیامەکە تێدەگات بە ئاسانی و (درووستی).

2- پاش هەوڵێکی زۆر لە پەیامەکە تێدەگات.

3- بە هیچ شێوەیەك لە پەیامەکە تێناگات.

**- هۆکارەکانی تێنەگەیشتنی وەرگر لە پەیام بریتییە لە**

1- زمانی هاوبەشی نێوان نێرەرو وەرگر.

2- رادەی گونجاوی نێوان نێرەرو وەرگر.

3- رادەی رۆشنبیری وەرگرو ئەزموون و زانیاریەکانی لەسەر بابەتی پەیامەکە.